---

## بەشی سێیەم
## بەکارخستن و دیاردەی بێکاری

**چەمکی هێزی کار - مفهوم القوى العاملة-**The Concept of Workforce

ئەو بەشەی دانیشتوان دەگرێتەوە که تەمەنیان دەکەوێتە نێوان نزمترین ئاست و بەرزترین ئاستی کارکردن کە توانایان هەیەو ئارەزووی ئیشکردن دەکەن. لە نێوان (15–65) ساڵی. یاخود ژمارەی ئەو کەسانەیە کە توانای کارکردنیان هەیە و ئامادەن کار بکەن، بەدەر لە منداڵان (تەمەنی خوار هەژدە ساڵان) و کەسانی لاواز و بەساڵاچووان.

**هێزی کار – قوة العاملة -** Workforce

خستنەڕووی هێزی کار لەم دوو کۆمەڵە پێکدێت:

١.**هێزی کاری سەربازی:** تاکەکانی نێو هێزە چەکدارەکان کە ئەرکیان پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆو سنوورەکانی نیشتیمانە.

٢.**هێزی کاری مەدەنی:** کرێکاران و بێکاران لە کەرتە ئابوورییەکان.

**هێزی کار= تێکڕای بێکاران + تێکڕای کرێکاران**

**هێزی کاری یەدەگ - احتياطي القوة العاملة -** Manpower Reserve

ئەو چینانە دەگرێتەوە کە لەتەمەنی کارکردندان و توانای کارکردنیان هەیە، بەڵام لە دەرەوەی بازنەی هێزی کارن بەهۆی پێگەو باری کۆمەڵاتیان وەک دایکان لەماڵەوە کە ئیش ناکەن و ئارەزوی ئیشیان نیە لە دەرەوە، ئەو نەخۆشانەی لە کاتی چارەسەریدان، زیندانیەکان، قوتابیان، ئافرەتانی ماڵەوە.

**دەرەوەی هێزی کار- خارج القوى العاملة-** Outside the Labor Force

ئەوانە دەگرێتە کە تەمەنی کارکردندا و ئارەزووی ئیش دەکەن، بەڵام توانایان نیە، وەک توشبووان بە نەخۆشی جەستەیی و عەقڵی، ئەوانەی یاسا رێگری لێکردن کار بکەن بە هەر هۆکارێک بێت.

**دەرەوەی چالاکی ئابووری - خارج النشاط الاقتصادي -** Outside Economic Activity

ئەوانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی تەمەنی کارکردن وەک منداڵان، بەساڵاچوان، پەککەوتوان، کارکردنی ئافرەت لە ماڵەوە.

**دانیشتوانی کارای ئابووری- السكان النشيطين اقتصاديا -** The economically active population

ئەوانە دەگرێتەوە تەمەنیان دەکەوێتە چوارچێوەی تەمەنی کارکردن و توانای ئیشیان هەیەو ئارەزووی دەکەن.

---

**بێکاری - البطالة** - Unemployment

بریتییە لەوەی کە هەر کەسێک لە تەمەنی یاسایی خۆیدا تواناو ئارەزوو ئامادەیی کارکردنی هەبێ و بە کرێی باوی سەردەم رازی بێت و بەرژدی بەدوای دا بگەڕێت، بەڵام کاری دەست نەکەوێت، ئەوا بە بێکار هەژمار دەکرێت. دەکرێ بێکاری بە وازهێنانی زۆرەملێ لە کارکردنی بەشێک لە هێزی کاری ئابووری بە خواست و توانای کارکردن پێناسە بکرێت. بۆ زانینی تێکرای بێکاری ئەم هاوکێشەیە بەکاردەهێنرێت:

**تێکرای بێکاری = ژمارەی بێکاران/ کۆی هێزی کار( چینی چالاک)** * 100

**جۆرەکانی بێکاری – انواع البطالة**-Types of Unemployment

1. **بێکاری زۆرە ملێ(ناچاری) - البطالة الاجبارية**–Involuntary Unemployment

دۆخێکە کە کرێکار ناچار دەبێت کارەکەی بەجێبهێڵێت، واتە بەبێ ئیرادەی خۆی، هەرچەندە ئامادەیە و توانای کارکردنی هەیە لەسەر ئاستی کرێی باو.

2. **بێکاری خۆلێدان – بەریەکەوتن(کاتی)- البطالة الاحتكاكية (المؤقتة)**-Frictional Unemployment

وازهێنانێکی کاتیە لە کارکردن بەهۆی گواستنەوە لە کارێکەوە بۆ کارێکی دیکە، یان وەستانێکی کاتی بۆ گەڕان بەدوای کارێکی دیکەدا، یان لە پێناو خوێندن، گەشت، نەخۆشی..... هتد.

3. **بێکاری ئاشکرا - البطالة المكشوفة (السافرة)**- Open Unemployment

واتە ژمارەیەک کەس هەن کە توانا و ئامادەیی کارکردنیان هەیە لە ئاستێکی دیاریکراوی مووچەدا، بەڵام بەبێ ئەوەی کار بدۆزنەوە، بەتەواوی بێکارن.

4. **بێکاری پەیکەری - البطاله الهيكلية**- Structural Unemployment

ئەو بێکارییە لە ئەنجامی گۆڕانی ئابووری لە سروشتێکی بەرهەمدارەوە بۆ سروشتێکی دیکەوە دێتە ئاراوە. بۆ نموونە گۆڕینی ئابووری عێراق لە کشتوکاڵەوە بۆ ئابووری نەوت، بووە هۆی ئەوەی زۆرێک لە جوتیارەکان کارە سادەکانیان لەدەست بدەن. بەڵام دەتوانرێت ئەم جۆرە بێکارییە بە بەدەستهێنانی کارامەیی بەرهەمهێنانی پێویست و ڕاهێنان لەسەر پێداویستییەکانی سروشتی بەرهەمهێنانی نوێی ئابووری تێپەڕێنرێت.

5. **بێکاری خولدار(سووڕی کینزی) -البطالة الدورية (الكنزية )**- Cyclical Unemployment

ئەوە بێکارییە کە لە ئەنجامی هەڵاوسانی کۆی خواست لە ئابووریدا دروست دەبێت، چونکە ئابووری ڕووبەڕووی قۆناغەکانی دابەزینی کۆی خواست دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێک لە هێزی کار کارەکانیان لەدەست بدەن و بەمەش ڕێژەی بێکاری لە ئابووریدا زیاد دەکات. بەڵام ئەم ڕێژەیە کاتێک دەست بە کەمبوونەوە دەکات کاتێک کۆی خواست دەست بە بەرزبوونەوە دەکاتەوە.

---

**6 .بێکاری ئارەزومەندانە(خۆبەخش) - البطالة الاختيارية (الطوعية ) –Voluntary Unemployment**

بێکاری ئارەزوومەندانە دۆخێکە کە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی لە کارەکەی دەکشێتەوە بە هۆکاری دیاریکراو.

**7 .بێکاری رووپۆشکراو - البطالة المقنعة (الخفية )-Disguised Unemployment**

ئەم جۆرە بێکارییە بە مانای بوونی هێزی کارێکی بێکار نییە، بەڵکو دۆخێکە کە قەبارەیەکی دیاریکراوی هێزی کار لە کار دووربخرێتەوە بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان هەبێت، بەو پێیەی جۆرێک لە کەڵەکەبوونی هێزی کار لە کەرتی تایبەت یا گشتی، ئەم کارە زۆرجار کرێی زیاتر لە قەبارەی بەشداریکردنی لە پرۆسەکەدا وەردەگرێت، بۆ نمونە کەسێک لە دامەزراوەیەک دەوام دەکات و مووچە وەردەگرێت، بەڵام بەرهەمی نییە.

**8 . بێکاری وەرزی - البطالة الموسمية-Seasonal Unemployment**

ئەو جۆرە بێکاریە لە ئەنجامی نزمبونەوەی خواستی گشتی لە هەندێ لە کەرتە ئابوورییەکان روودەدات، نەک هەموو کەرتە ئابوورییەکان، بۆ نمونە کەرتە ئابووریەکانی وەک کشتوکاڵ و گەشتیاری لە ماوەیەکدا رووبەڕوی بێبازاڕی دەبنەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کرێکارەکانیان بۆ ماوەیەکی کاتی کارەکانیان لە دەست بدەن، بە نەمانی چالاکیە ئابوورییەکان لە وەرزێکدا، خواست لەسەر کرێکار کەمدەبێتەوەو رێژەی بێکاری بەرزدەبێتەوە.

**9 . بێکاری هەڵسوکەوت - البطالة السلوكية (Behavioral Unemployment**

ئەو بێکارییە لە ئەنجامی دوودڵی و ڕەتکردنەوەی هێزی کار لە بەشداریکردن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەشداریکردن لە هەندێک کاردا بەهۆی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کارانە دروست دەبێت.

**1 0 .بێکاری هاوردەکراو- البطالة المستوردة -Imported Unemployment**

ئەو بێکارییە کە لە کەرتێکی دیاریکراودا ڕووبەڕووی بەشێک لە هێزی کاری ناوخۆیی دەبێتەوە بەهۆی دابڕان یان گۆڕینی کرێکاری ناوەخۆیی لەم کەرتەدا. ڕەنگە ئابووری ڕووبەڕووی ئەم جۆرە بێکارییە ببێتەوە لە ئەگەری کەمبوونەوەی خواست لەسەر کاڵایەکی دیاریکراو بە بەراورد بە زیادبوونی خواست لەسەر کاڵایەکی هاوردەکراو.

**1 1 . بێکاری تەکنەلۆژی- البطالة التكنولوجية- Technological Unemployment**

لەدەستدانی کارە بەهۆی گۆڕانی تەکنەلۆژیاوە. گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە بە گشتی بریتییە لە هێنانەکایەی ئامێری دابینکردنی هەوڵ و کۆشش (ماسولکەی میکانیکی)، پرۆسەکانی ئۆتۆماتیکی، عەقڵی میکانیکی.

---

**هۆکارەکانی روودانی بێکاری- اسباب حدوث البطالة-** Causes of Unemployment

١. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و داهێنانی نوێ.
٢- دۆخی ئابووری، کە ڕەنگە بەهۆی پاشەکشەی ئابوورییەوە کاریگەری لەسەر بێت.
٣- کێبڕکێ کە لە ئەنجامی جیهانگیری و بازرگانی نێودەوڵەتییەوە سەرهەڵدەدات.
٤. ئەو سیاسەتانەی کە حکومەت ئەنجامی دەدات.
٥. ڕێکخستن و بازاڕ.

**شوێنەواری بێکاری - اثار البطالة-** Effects of unemployment

بێکاری زۆر کاریگەری لێدەکەوێتەوە، لەسەر هەردوو ئاستی ( تاک- کۆمەڵگە) لەگەڵ ئەوەشدا بە گشتی شوێنەواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دادەنێت وەک:

1. **کاریگەری ئابووری:** دەبێتەی هۆی بەفیڕۆدانی سەرچاوە مرۆییە بەرهەمدارە بەکارنەهێنراوەکان، کەمبوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەسی، کەمبوونەوەی هێزی کڕین، کەمبوونەوەی خەرجییەکانی بەکاربەر، کەمبوونەوەی قەبارەی پاشەکەوتکردن، کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری لە درێژخایەندا دروست دەبێت، هەژاری زیاد دەکات، جوڵەی کرێکاران سنووردار دەکات.
2. **کاریگەری کۆمەڵایەتی:** کاریگەری هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان، جیابونەوەی هاوسەران، تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەڵکشانی ململانێی کۆمەڵایەتی، بەرزی تێکڕای بێکاری لە هەر وڵاتێکدا دەبێتە هۆی نائارامی مەدەنی و لەناوچوونی زۆرێک لە کۆمەڵگاکان.
3. **کاریگەری سیاسی:** دروستبوونی خۆپیشاندان و مانگرتنی بێکاران بۆ گوشار خستنەسەر حکومەتەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار، لە ئاکامی نەدۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو سەردەکێشێت بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەری و ڕووخانی حکومەتەکان و گۆڕانکاری سیستەمی حوکمڕانی.

**ڕێگاکانی چارەسەرییەکانی کێشەی بێکاری- طرق حل مشكلة البطالة-** Ways to Solve the Unemployment Problem

1. دانانی پلانی ستراتیژی لەسەر ئاستی حکومەت بۆ ڕەخساندنی هەلی کار.
2. گۆڕانکاری لە سیستەمی خوێندندا، زەمینەسازی بۆ خوێندنی پیشەیی.
3. زیادکردنی بەرهەمهێنان: بۆ زیادکردنی هەلی کار دەبێت بەرهەمهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا زیاد بکرێت، بەو پێیەی پێویستە هانی گەشەپێدانی پیشەسازیی بچووک و ناوخۆ بدرێت.
4. سەرمایەگوزاری لە گشت کەرتە ئابوورییەکان بەتایبەت کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ.
5. فەراهەمکردنی سەقامگیری سیاسی.
6. کۆنترۆڵکردنی زیادبوونی دانیشتوان .
7. کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی.
8. هاندانی کاری ئازاد و کارسازی ( پیشەنگکاری).